# گالاکسی S5 لوتکەی داهێنانی سامسۆنگ

کۆمپانیای سامسۆنگ کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆبایل لە پیشانگای ساڵانەی WMC بارشلۆنا و پاش چاوەڕوانییەکی زۆر مۆبایلی گالاکسی S5ی خستەڕوو.

گەلەکسی S5 دەکرێت بڵێین لە ریزی باشترین مۆبایلەکانی هۆشمەند بێتە ژمار، و لە ساڵی 2014دا وەك باشترین مۆبایل سەیر دەکرێت. گەلەکسی S5 لە ریزی فەبلێتەکان دێتە ژمار، چونکە شاشەکەی 5.1 ئینجە و کوالیتیەکەی سەرووی فول ئێچ دییە.

لە بواری ئاسایشەوە ئەم مۆبایلە لە ریزی مۆبایلە سەرکەوتووەکان دێت، چونکە سیستەمی پەنجە مۆری تێدایە و هەروەها لە بواری تەندروستیشەوە هەستەوەری لێدانی دڵی تێدایە. ئەم مۆبایلە بە ئاو تێکناچێت و تۆز و خۆڵ ناگرێت. پرۆسیسەری چوار ناوەکی تێدایە و خێراییەکەی 2.5 گیگاهێرتزە، رامەکەی دوو گیگابایتە. لە سیستەمی LTE و هەروەها بلوتوس 4 و میمۆری 16 و 32 گیگابایتی هەیە و دەکرێت میمۆری 128 گیگابایتیشی بخەیە سەر. کامێرای گالاکسی (5s) (16) میگاپیکسلە. لە هەمووی گرنگتر کامێراکەی لە سیستەمی K4 پشتیوانی دەکات.






# دەسکی گەمەی مایکرۆسۆفت

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە بە بەهێزترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سیستەمی ویندۆز و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، لەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگییەکی زۆری داوەتە گەمەی ئەلکترۆنی، بەدوا خستنەبازاڕی Xbox1 هەوڵیداوە ئامێرە لاوەکییەکانی ئەم گەیمەش بەرهەم بێنێ، لەم دواییەدا

# پرێنت کردن بە نزیک کردنەوەی مۆبایل

سیستەمی NFC ئەو سیستەمەیە کە بۆ کارتە بانکییەکان سوودی لێوەردەگیرێت، هەروەها بۆ کارتەکانی کردنەوەی دەرگا ئەمنییەکان و لەم دواییەدا ئەم سیستەمە خرایە ناو مۆبایلە هۆشمەندەکانیشەوە، لەو سیستەمەدا تەنیا بە نزیك کردنەوەی دوو ئامێر کە خاوەنی ئەو سیستەمەن پەیوەندیان لەنێواندا دروست دەبێت، پرینتەرێکی تایبەت کە سیستەمی NFC لەسەرە خرایە بازاڕەوە، پرینتەرەکە دەتوانێت لە یەك خولەك دا 28 لاپەڕە چاپ بکات، بۆ چاپکردنی لاپەڕەکەش هەر ئەوەندە بەسە کە مۆبایلەکەت دوکۆمێنت یان وێنەی تێدابێت لە پرینتەرەکە نزیك بکەیەوە و دەست بکات بە پرێنت کردن.



# هواوی و مەچەکبەندی هۆشمەند

لەلای خۆمان بەرهەمە چینییەکان لە ریزی خراپترین بەرهەمەکان دێن، ئەمەش لە خۆڕا نییە، چونکە بەڕاستی کوالیتی بەرهەمە چینیەکان لەئاستێکی زۆر نزمدایە، راستە زۆر هەرزانبایین، بەڵام کوالیتشیان لە خوارێیە. کەچی کۆمپانیای هواوی (huawei) لەریزی کۆمپانیا سەرکەوتوەکانی بەرهەمە دیجیتالییەکان دێت. لە پیشانگای ساڵانەی مۆبایل لە بەرشەلۆنا (هواوی) مەچەکبەندێکی نوێی خستەڕوو کە بە مەچەکبەندی جۆری Talkband B1 ناسراوە، (مەچەکبەند وەك بازنەیەك لە دەست دەخرێت). مەچەکبەندی ناوبراو شاشەیەکی 1.4 ئینجی لەسەرە. ئەم مەچەکبەندە بەهۆی سیستەمی NFC و بلوتوس 4 لەگەڵ مۆبایل لە پەیوەندی دادەبێت و بەهۆی ئەوەوە دەکرێت وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە. جگەلەوەش بۆ لەش جوانی و وەرزش کردن زۆر ئامێرێکی بە سوودە، چونکە زانیارییەکانی وەك رێژەی ئەو هەنگاوانەی هەڵیان دێنیەوە، ئەو مەودایەی کە پێیدا رۆیشتوویە، رێژەی ئەو کالۆرییەی کە سووتاندووە لە رۆژێکدا دیاری دەکات، هەروەها بۆکاتی خەویش گونجاوە، چونکە بەهۆیەوە دەزانرێت کە خەوێکی باشت هەبووە یان خراپ و هەروەها بۆ هەستان لەخەویش گونجاوە، کاتێکیش کە شەحن کرایەوە تا هەفتەیەك شەحنەکەی دانابەزێت.






## ـــــۆفت چەتیشی پێدەکرێت

دەسکێکی گەمەی تایبەت بە ئیکس بۆکس وان بەرهەم هێناوە کە بەهۆیەوە دەکرێت چات و پەیوەندی ئۆنلاین لەنێوان بەکارهێنەرانیدا پێك بێنیٚ. جگە لەوەش بۆ گەمەی ئۆنلاین گرنگییەکی تایبەتی هەیە، هەربۆیە پێدەچێت لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە گرنگییەکی تایبەتی پیٚ بدرێت.

## کامێرایەک لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت

هەرچەندە مۆبایلە هۆشمەندەکان خاوەنی کامێرای تایبەتی خۆیانن و زۆریشیان کامێراکەیان کوالیتییەکەی ئەوەندە بەرزە کە وەڵامدەرەوەی ویستەکانی بەکارهێنەرەکەی بێت، بەڵام لەو حاڵەشدا کۆمپانیایەکی تایوانی کامێرایەکی بچووکی دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە بە کامێرای Altek ناسراوە، ئەم کامێرایە لەگەڵ تەبلێت و مۆبایلی هۆشمەند پەیوەند دەدرێت. کامێراکە شاشەکەی تەنیا 1.2 ئینجە و 13 میگاپیکسلە و زوومی ئیپتیکالی تەنیا 3X و سیستەمی وای-فای هەیە. کێشی کامێراکە تەنیا 65 گرامە. لە رێگای مۆبایلەوە دەکرێت کۆنترۆڵی کامێراکە بکەی.





# گڵاسی ئاویش هێڵی ئینتەرنێتی لەسەرە

ئینتەرنێت واتە لەگەڵ هەموو جیهان لە پەیوەندی دابوون، لەسەرەتادا تەنیا هێڵی ئینتەرنێت لەسەر کۆمپیوتەر بوو، بەڵام ئێستا مۆبایل، سەتەلایت، تەلەڤزیۆن، مێزی هۆشمەند، کامێرا... تاد هێڵی ئینتەرنێتی لەسەرە، لەم دواییەدا ئامێرەکانی دیکەش هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە وەك بەفرگر (سەلاجە)، کتلی و چادان، ئاوێنە و تەنانەت ئەو گڵاسە ئاوەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن.

ئەم گڵاسە دیجیتالییە لە راستیدا لە شاشەیەکی لەمسی پێکهاتووە و هەموو تایبەتمەندیی دیسکتۆپێکی کۆمپیوتەری هەیە. بەهۆی ئەو گڵاسەوە دەکرێت، فەیسبووکەت بکەیەوە، ئێملەکانت بخوێنیەوە و گەمەش بکەی و پرۆگرامە سادەکانیش بکەیەوە... رەنگی گڵاسەکە بە ویستی بەکارهێنەرەکەی دەگۆڕدرێت. هەرچەندە کارکردن بەو لێوانە بەهۆی ئەوەی کە شاشەکەی رێك نییە دژوارە بەڵام بەکارهێنەر بە هەندێك خۆماندوو کردنەوە لەگەڵی رادێت.




## حەبی کەپسولی کامێرا شوێنی نازور دەگرێتەوە

کۆلۆنوسکۆپی ئەمەی کە پێی دەگوترێت (نازور) کردارێکە پزیشکان بۆ دیتنی ناوەوەی لەشی مرۆڤ سوودی لێوەردەگرن، کە بەهۆی سۆندەیەك کە کامێرایەکی پێوە پەیوەستە لە رێگای دەمەوە بۆ ناو هەناوی مرۆڤەکە دەنێردرێت، ئەم کردارە تارادەیەك بە ئازارە بۆ نەخۆشەکە. بەڵام لەم دواییەدا لەبری کۆلۆنۆسکۆپی کامێرایەکی دیجیتالی کە لە شێوەی حەبێکی کەپسولە بەرهەم هاتووە و رەنگە ئەمە شوێنی نازور بگرێتەوە. حەبە کەپسوولەکە کە بە pillcam ناسراوە، لەلایەن نەخۆشەکەوە قوت دەدرێ و دواتر وێنەکان بۆ پزیشکە بەرێ دەکات. قەبارەی حەبەکە 12 لە 33 ملم دایە، بە هەردوو سەرەکەی فیلم هەڵدەگرێتەوە، هەروەها ئەو گلۆپە بچووکانەی کە تێیدایە رووناکی بۆ فیلم هەڵگرتنەکە دابین دەکەن. هەروەها بۆ ماوەی 10 کاتژمێر دەتوانێت بەشێوەی وایەرلەیس داتاکان بەرێ بکات.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت پێشووتر لەسەر لاپتۆپەکەم ویندۆز7ی لەسەر بوو، دواتر کە کردمە ویندۆز8 دیتم بەراستی هیچ سەرەدەری لێدەرناکەم، چونکە لە ویندۆز7 ناچێت بەتایبەتی کە دوگمەی startی نییە، ئایا چ بکەم لە ویندۆز8دا بە ئاسانی بگەم بەو شتانەی کە پێشووتر لە دوگمەی startی ویندۆز7 دا هەبوو؟

خوێنەری بەرێز ویندۆز8 گۆڕانکارییەکی نوێ بوو لە مایکرۆسۆفتدا، راستە ستایلی ویندۆز8 وەك ویندۆز7 نییە، بەڵام بۆ ئەوەی کە بەئاسانی بگەی بە فەرمانەکان دەکرێت دوگمەی پەنجەرە واتە (ویندۆ) لە کیبۆرد لەگەڵ دوگمەی x دابگری ئیدی بە ئاسانی زۆربەی فەرمانەکانت بۆ دەردەکەون.

# مۆبایلێکی تایبەت و دیزاینێکی سەرنجڕاکێش

یەکێک لەو مۆبایلە سەرنجڕاکێشانەی کە لە پیشانگای ساڵانەی بەرشەلۆنا خرایە روو، مۆبایلە دوو شاشەکەی Yota بوو. مۆبایلی ناوبراو ساڵی رابردووش لەو پیشانگایەدا بە کۆمەڵێك کەموکوڕییەوە نیشاندرا، بەڵام ئەمساڵ گشت کەموکوڕییەکانی باش کردبوو و گۆڕانکارییەکی جددیشی تێدا پێکهێنابوو.

ئەم مۆبایلە هەم پێشەوەو هەم پشتەوەی شاشەیە، شاشەی پشتەوەی لە جۆری E-Linkـە، واتە ئەو شاشانەی کە بۆ کتێبخوێنە دیجیتالییەکان سوودی لێدەبیندرێت. لە شاشەی پشتەوەدا دەکرێت ئیمێلەکان، کورتە پەیامەکان، ببیندرێن. بەڵام شاشەی پێشەوە 5 ئینجییە و لە جۆری AMOLEDـیە. شەپۆلی خێرایی 2.3 گیگاهێرتزە.



## پرۆگرامێک بۆ چێکردنی چەندین دیسکتۆپی مەجازی

رەنگە کۆمپیوتەرەکەی ئێوە تەنیا خۆتان و چەندین کەس لە ئەندامانی ماڵەوە سوودی لێوەربگرن، ئەوکات دەبینی هەرکەس بە ویستی خۆی پرۆگرامێك دەکاتەوە یان هەر کەس بە ویستی خۆی فایلێك دادەبەزێنێ و چونکە هەموو لا وەك یەك بیرناکەنەوە، هەندێك حەز دەکەن گەمەیەك بکەن، هەندێکی تریش بە تایب کردن و نووسین خەریکن و هەندێکی دیکەش خەریکی پرۆگرامی دیکەن. ئەوکات حەز دەکەن کۆمپیوتەرەکەتان کرابا بە چەندین کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی کە تووشی ئەو کێشەیە نەبن، بەڵام پرۆگرامی Dexpot v1.6.11 Build 2394 ئەو کێەشیە بەتەواوی چارەسەر دەکات، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە هەرکەسێك دەتوانێت دیسکتۆپی تایبەت بەخۆی هەبێت و یان تۆی بەکارهێنەر بۆ هەر کارێك دیسکتۆپێکی تایبەت بەکار بێنی، بۆ نموونە دیسکتۆپێك چێ بکەی بۆ نووسین و یەکێکی دیکەش بۆ وێنە و ئەو شتانە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت هەتا 20 دیسکتۆپ بە جیا چێ بکەی بۆ هەر کامیش پرۆگرامی تایبەت بەخۆی و باکگراوەندی تایبەت بەخۆی هەبێت.





## سایتێک بۆ گەشت و گەڕان بە دەوری جیهاندا

لەم چەند ساڵەی دوناییدا تەکنەلۆژیای وێب کە واتە کامێرای ئینتەرنێتی بۆ بەڕێکردن و وەرگرتنی دیمەنی زیندوو گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئێستاکە سەردەمی کامێرا بە کوالیتی کەم و خێرایی کەمەوە بە سەرچووە. بۆ سەیرکردنی ئەم گۆڕانکارییە دەتوانن سەر لە سایتی earthtv.com بدەن.

سایتی ناوبراو وێنەی زیندوو لە زیاتر لە 100 کامێرا لە پێنج کیشوەری جیهانەوە، بۆ نموونە "هونولولو، تاڤگەی نیاگارا، ریۆدی ژانیرۆ، مەلبۆرن، بروکسل، لەندەن...تاد وەردەگرێ. دەکرێت هەر لە کۆمپیۆتەرەکەی خۆتەوە بە دیمەنی زیندوو سەیری ئەو شارانەی ئاماژەیان پێکراو لەگەڵ سەدان شار و دیمەنی دیکە بکەی. هەرکە سایتەکەت کردەوە دوگمەی eLiveLocation دابگرە، تاکو لە رێگەی نەخشەوە شوێنی مەبەستتان بدۆزنەوە.